ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە: ٩٦٨٧ لە ٢٠٢٦/٨/٥

بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٩٩) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی(هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ماددەی(٤/دەیەم) لە یاسای وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢١، و بەمەبەستی پشتگیریکردن و کەمکردنەوەی بارگرانیی دارایی لەسەر هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی هەرێم، و ئاسانکاریی لە کۆکردنەوەی داهاتی کارەبا، و فراوانبوونی پڕۆژەی ڕووناکی بە ئاڕاستەی دڵنیابوون لە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری بۆ هاوبەشان، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٧٢) لە ٢٠٢٦/٧/٢٢، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کارەبا بە نووسراویان ژمارە (٤٠٩٧) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٦/٧/٢١ ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

یەکەم:

پێدانی دەسەڵات بە وەزارەتی کارەبا بۆ داشکاندن لەسەر قەرزی کۆنی کەڵەکەبووی هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی لە پێش دەستبەکاربوونی پڕۆژەی ڕووناکی و بەم شێوازەی خوارەوە:

١- داشکاندنی ڕێژەی ٥٠ % (پەنجا لەسەد) بۆ هەردوو پۆلی (نیشتەجێبوون، کشتوکاڵی).

٢- داشکاندنی ڕێژەی ٢٥ % (بیست و پێنج لەسەد) بۆ پۆلەکانی (کەرتی گشتی، بازرگانی، پیشەسازیی).

٣- لە دوای ڕاگەیاندنی ڕێکەوتی دەستپێکردنی داشکاندنەکە، پێویستە هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی کە قەرزی کۆنی کەڵەکەبوویان لەسەرە لە پێش دەست بەکاربوونی پڕۆژەی ڕووناکی بە یەکجار پارەی قەرزە کۆنەکانیان بدەن، و هاوبەشان هاندەدرێن کە لە ڕێگای ئی-پسووڵەوە پارەی قەرزەکانیان بدەن.

٤- ئەم بڕیارە قەرزەکان و شایستەکانی تایبەت بە (پڕۆژەی ڕووناکی) ناگرێتەوە و پێویستە هاوبەشانی کارەبا بەردەوام بن لە پێدانی بڕی پسووڵەکراوی کارەبای مانگانەی پڕۆژەی ڕووناکی لە کاتی خۆیدا.

٥- ئەم بڕیارە ئەو هاوبەشانە ناگرێتەوە کە فیدەری تایبەت بەخۆیان هەیە.

دووەم:

پێدانی دەسەڵات بە وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی لەگەڵ تیمی پڕۆژەی ڕووناکی بۆ دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- دەستنیشانکردنی ڕێکەوتی کەوتنەبواری جێبەجێکردن و کۆتاییهاتنی ماوەی جێبەجێکردنی بڕیارەکە.
٢- سازدانی هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوە بۆ هاوبەشانی تۆڕی کارەبای نیشتمانی و ڕوونکردنەوەی ڕێکاری تۆمارکردنی داواکارییەکان و بڕی قەرزی کۆنی کەڵەکەبوو (پێش داشکاندن و دوای داشکاندن).
٣- دەستنیشانکردنی وردەکاریی شێوازی پارەدان و چۆنیەتی دەستڕاگەیشتن بەم داشکاندنە و ئەو هاوبەشانەی کە داشکاندنەکە دەیانگرێتەوە بەپێی ئەم بڕیارە .
٤- بڕیاردان لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بڕە قەرزەی کە دەمێنێتەوە دوای تەواوبوونی ماوەی بڕیارەکە.

سێیەم:

دوای تەواوبوونی ماوەی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویستە وەزارەتی کارەبا بە هەماهەنگی تیمی پڕۆژەی ڕووناکی ڕاپۆرتێکی کۆتایی لەسەر ئەنجامی بڕیارەکە پێشکەشی ئەنجومەنی وەزیران بکەن.

چوارەم:

وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکەن و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران